https://www.doi.org/10.31918/twejer.1924.16

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# بۆچوونی قوتابییان لەبارەی ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە

## ((توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر قوتابییانی فاکەڵتیی پەروەردە))

م. هەردی زیاد صالح
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب
hardi.saleh@su.edu.krd

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشکخستنەسەر بۆچوون و ڕەزامەندیی قوتابییان لە بارەی ڕەزامەندییان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە. هەروەها میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگای نموونە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لەو قوتابییانەی خوێندنی بەیانیان کە لە قۆناغی (دووەم، سێیەم و چوارەم)ی فاکەڵتیی پەروەردە دەخوێنن. جۆر و قەبارەی نموونەکە بریتییە لە نموونەی (هێشوویی) بە قەبارەی (150) قوتابی کە دەکاتە ڕێژەی (15%) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. ڕێگەی "ڕاستێتیی گونجانی ناوەڕۆک" بەکارهێنراوە، جێگیریی پرسیارنامەکەش (0.915) بووە. لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش دەرکەوتووە بە گشتی قوتابییان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە ڕازین، هەروەها هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە لەنێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە سەبارەت بە ڕەزامەندییان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە.

**وشە کلیلییەکان:** ستافی ئەکادیمی، ڕەزامەندی، ڕەزامەندیی قوتابییان، قوتابیی زانکۆ.

**بۆچوونی قوتابییان لەبارەی ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**

**((توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر قوتابییانی فاکەڵتیی پەروەردە))**

**پێشەکی**

یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی زانکۆ قوتابییە، قوتابییانیش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا توێژێکی چالاک و گرنگن، هەربۆیە زانینی ئاستی ڕەزامەندی و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانیان لەڕیزی بابەتە سەرەکییەکان دادەنرێت، کە زانکۆکان لە ئامادەکردنی پلان و گەشەپێدانی بەرنامە خزمەتگوزارییە زانکۆییەکان پشتی پێ دەبەستێت، بەشێک لەم هەڵسەنگاندنانەش لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان خۆی دەبینێتەوە. هەربۆیە ڕابەرە پەروەردەییەکان و زۆربەی توێژەران گرنگی بە بابەتی پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەدەن و لە دوای ڕێگە و شێوازی تازە دەگەڕێن، هەربۆیە باشترین هەڵسەنگاندن بریتییە لە زانینی ئاستی ڕەزامەندیی قوتابییان لە زانکۆ و پێکهاتەکانی.

بۆیە دەبینین بابەتی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگیی پێدەدرێت، کە لە سەرەتای ساڵانی (2009- 2010) وەک ئەزموونێک لە هەندێ قۆناغی زانکۆیی دەستی پێکرد، بەڵام لە ساڵی (2010- 2011) دەستکرا بە جێبەجێکردنی پرۆسەکە لەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان. بە نموونە یەکێک لە بابەتەکان هەڵسەنگاندنی قوتابییە بۆ کۆرس بووک و ئەو وانانەی کە مامۆستا پێشکەشی دەکات. (ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، 2019).

هەروەها بۆ سەرۆک و بەڕێوەبەرانی هەر زانکۆیەک گرنگە بزانن، تا چەند قوتابییان ڕەزامەندن لە مامۆستایان و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی

وانەکان؟ ئەمەش بە پێوەرێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت (حسن و ابراهیم و الظفري، 2011: 514)، لە نموونەی دابینکردنی سەرچاوەی گونجاو و بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاریی جۆراوجۆر و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ناوەڕۆکی وانەکە (شلدان، 2017: 142)، هەروەها بەبەتەکانی ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتی و کارلێککردن لەگەڵیان و بەیەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵیان و هاندانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان و پێدانی دەرفەتی گونجاو بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت، هەروەها ڕەچاوکردنی کێشەکانی قوتابییان، بابەتیبوون لە مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابییان و لاگیری نەکردن، بابەتیبوون لە کاتی دانانی نمرەی ئەزموونەکان...، بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت (ابو حمیدان و سواقد، 2008: 175) هەروەها ڕەزامەندیی قوتابییان لە وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان بابەتێکی دیکەیە، هەربۆیەش بە بەردەوامی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسی لەبارەوە دەبەسترێت، بە ئامانجی بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستیی قوتابییەکان، دەستنیشانکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە و گونجاویی بەرنامە و پلان و کۆرسبووک، هەروەها چۆنیەتیی دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە و دادپەروەری لە دانانی نمرەکان. تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیەن:

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

بابەتی هەڵبژاردنی بۆچوونی قوتابییان لەبارەی ستافی ئەکادیمیی زانکۆ و ژیانی ئەکادیمی لەناو زانکۆدا، هەروەها ڕەزامەندیی قوتابییان لە ((مامۆستایان و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی وانەکان))، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر قوتابییان هەیە. هەروەها پێوانەکردنی ئاستی ڕەزامەندیی قوتابییان سەبارەت بە دامەزراوە پەروەردەییەکان بابەتێکی ستراتیجییە، چونکە بۆ ئەو دامەزراوانە خاڵی بەهێز دەستنیشاندەکات و کار دەکات لەپێناو باشترکردنی، هەروەها خاڵی لاوازیش

دەستنیشـــاندەكات، بەمەبەســـتی چارەســـەركردنی، ئەمەش وا دەكـــات دامەزراوە فێركارییەكان تیایدا سوودمەند بن (شلدان، 2017: 141). تا قوتابییـــان زیـــاتر ســـوودمەند بـــن لەو خزمەتگوزارییـــانەی پێشكەشـــیان دەكرێت ئەوا ڕەزامەندییان زیاتر دەبێت (بهية، 2017: 8).

هەروەها هەڵسەنگاندنی مامۆستا و وانەكان لەلایەن قوتابی لە زانكۆ ئەورووپییەكان كارێكی پەسەندكراوە، لە ئێستاشدا بابەتی هەڵسـەنگاندن و بۆچـوونی قوتابییـان بەرەوپێشـچووە، لە سـەرەتادا لە زانكـۆی هارڤـارد (Harvard) لە ویـلایەتە یەكگرتووەكـانی ئەمریكـا بەكارهـات (حســن و ابـــراهيم و الظفـــري، 2011: 514). ســـەركەوتنی ئەنـــدامانی دەســـتەی وانەبێـژی لە جێبەجێكردنـی ئەركـی وانەبێـژی، پشـت بە توانـای زانسـتی دەبەستێتک كە ئەمیش وابەستەیە بە ئەو پسـپۆڕییەی كە تیایدا شـارەزایە، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێـت زانیـاری لە بـارەی تیۆرەكـان و كـاری پراكتیكیـی پەروەردەیـــی و شـــارەزایی هەبێـــت ســـەبارەت بە پرۆســـەی فێربـــون و فێركـردن. هەر لەبەرئەمەشـە بـۆ ئەوەی وەزیـفەی وانەوتـنەوە لە زانكـۆدا بەشـێوەیەكی چـالاك و بـاش بەڕێوەبچێـت، دەبێـت ئەنـدامانی دەسـتەی وانەبێــژی بەشــێوەیەكی بەرز ئامـــادە بكـــرێن لە بابەتەكـــانی فێركردنـــی هاریكـاری، شـێوازی چارەسـەركردنی كێشـەكان، وانەوتـنەوە لە ڕێـگەی گفتوگۆ بـۆ ئەوەی سـەربەخۆیی و پشـت بەخـۆ بەسـتن لای قوتـابی بەدی بێـت (الاسـمر، 2005: 132). ئینجـا بـابەتی هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی فێربـوون لای قوتابییان لەلایەن مامۆستایانەوە، لە زۆربەی كاتدا خراپ و هەڕەمەكییە، كە هەنـــدێكجار تـــێكەڵاوی دەبینـــرێ لە نیـــوان توانـــای تـــایبەتی قوتـــابی و ئاراسـتەكانی بەرانـبەر بە وانەكـان و سـەركەوتن تیایـدا (حسـن و ابـراهيم و الظفري، 2011: 516).

هەرلەبەر ئەمەشـە دوای جێبەجێكردنـی دڵنیـایی جـۆری لە خوێنـدنی بـالای هەرێمـی كوردسـتان، كە لە سـەرەتادا لە سـاڵی (2009- 2010)

وەک ئەزموونێک لە هەندێ قۆناغی زانکۆیی دەستیپێکرد، بەڵام لە ساڵی (2010- 2011) دەستکرا بە جێبەجێکردنی پرۆسەکە لەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان، کە تا ئێستاش (ساڵی 2019) بەردەوامە. ئەمە وایکردووە کە پێشبڕکێ لە نێوان زانکۆکاندا دروست بێت و، زۆربەی زانکۆکان لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەدا بن، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی دڵنیایی جۆری لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان (ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی، 2019).

لێرەدا کێشەی تویژینەوەکە بریتییە لە زانینی بۆچوونی قوتابییانی زانکۆ لەبارەی ڕەزامەندییان لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە. لە کۆتاییدا دەکرێت چەند پرسیارێک بخەینەڕوو، پرسیارەکانیش بریتین لە وەی تا چەند قوتابییانی زانکۆی کۆیە ڕەزامەندن لە مامۆستایان یان ئەو وانانەی دەیڵێنەوە؟ لە واقیعدا ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی لە نێوان قوتابییاندا دەکەن؟ یان بەیەکسانی هەڵسوکەوت لەنێوان قوتابییەکانیدا دەکات؟ یاخود بیرکردنەوە و تێڕامان لای قوتابییان گەشەپێدەدات و هانیان دەدات پرسیار بکەن؟ یان ئەو بۆچوونانەی کە لەگەڵیدا دژیەکە و پێچەوانەن ڕێزیان لێدەگیرێت؟ هەروەها تا چەند قوتابییان ڕەزامەندن لەو بابەت و وانانەی کە پێشکەشیان دەکرێت؟ ئایا لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ڕازین و پێیانوایە گشتگیرە؟ ئایا باوەڕیان بە دادپەروەریی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە هەیە؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە**

**دەتوانین گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:**

1- لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی کە بابەتی ڕەزامەندی هەیەتی و لەبەرئەوەی تا ئاستی ڕەزامەندی لە هەر بابەتێک زیاتر بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو بابەتە دەبێت، بۆیە زانینی ڕەزامەندیی قوتابییان لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە ڕۆڵ لە بەرزکردنەوەی کوالیتی لە خوێندنی زانکۆییدا دەبینێت. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی گیروگرفت و ڕەزامەندیی قوتابییانی زانکۆی کۆیە لەسەر ستافی ئەکادیمی بزانێت، بەمەبەستی بەرچاوڕوونیی زیاتری سەرۆک و بەڕێوەبەرانی ئەو زانکۆیە.

2- گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بابەتێکی هە نووکەییە و، جێگەی بایەخی زۆربەی زانکۆکان و تەنانەت بەش و مامۆستاکانیشە، چونکە بەشێک لە سەرکەوتنی هەر زانکۆ و بەشێک پەیوەندیی بە ڕەزامەندیی قوتابییانیەوە هەیە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە چەند ئامانجێک بگات، لەوانەش:

**یەک: زانینی بۆچوونی قوتابییانی زانکۆ لەبارەی ڕەزامەندییان لە** (مامۆستایان و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی وانەکان، و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان).

**دوو: بەراوردکردن و جیاوازیی نێوان بۆچوونی قوتابییانی زانکۆ لەبارەی ڕەزامەندی لە زانکۆی کۆیە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە، ئەوانیش (ڕەگەز** "نێر و مێ"، **شوێنی نیشتەجێبوون** "شار، قەزا، ناحیە و گوند"، **بەش، قۆناغ،** قۆناغەکانی "دووەم، سێیەم و چوارەم"، **قوتابیی بەشی ناوخۆیی، وانەی پەڕینەوە** و، **ڕەزامەندیی هەڵبژاردنی بەش)**

**چوارەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

**1: ستافی ئەکادیمی**

مەبەست لە ستافی ئەکادیمی، ئەو کەسەیە کە بڕوانامەی (ماستەر یان دکتۆرا)ی بەدەستهێناوە لە بواریی پسپۆڕیی خۆیدا (الزبيدي، :2007، 102). هەروەها ئەرکی وانەوتنەوە لەئەستۆ دەگرێت، ئینجا ئەو کەسە (پیاو یا ئافرەت)بێ، یانیش ئەو کەسە (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر) بێت (الحوراني و طناش، 2006، 359).

پێناسەی ڕێکاری بۆ ستافی ئەکادیمی لەم توێژینەوەیەدا، ئەو کەسەیە کە ئەرکی وانەبێژیی و ئامادەکردنی قوتابیی زانکۆیە، بۆ ئەوەی بتوانن لەدوای دەرچوون خزمەت بە کۆمەڵگا بکەن، ئینجا ئەو کەسە (پیاو یان ئافرەت)بێ، یانیش ئەو کەسە (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر) بێت.

## 2: ڕەزامەندی- ڕەزامەندیی قوتابییان:

بابەتی ڕەزامەندی پێناسەی زۆری بۆ کراوە، بەتایبەتی لە بوار و بابەتە جیاوازەکانی وەکو ڕەزامەندی لە ژیان، ڕەزامەندی لە پسپۆڕی یان ڕەزامەندی لە کاروپیشە ... تاد.

ڕەزامەندی واتە توانای تاکە لەسەر گونجان لەگەڵ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر خۆشگوزەرانی دەبێت (میسة، 2014: 12). یاخود بەگشتی ڕازیبوون لەو واقیعەی تیایدا دەژین، کە ناوەستێتە سەر کەمبوونەوەی دڵەڕاوکێ لای تاک(الغانمي، 2014: 302). یان ڕەزامەندی بریتییە لە ئاراستە سۆزدارییەکان بەرانبەر ئەو ڕۆڵانەی کە دەیگێڕین (میسة، 2014: 12). یان بریتییە لە خۆشەویستیی تاک بۆ کۆمەڵێک ڕواڵەت و لایەن لە کارەکانی(عمارة، 2016: 2).

ڕەزامەندیی قوتابییانیش بریتییە لە درککردنی قوتابییان بۆ ئاستی چالاکیی دامەزراوە فێرکارییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، کە لە ئاستی چاوەڕوانی و تێرکردنی پێداوستییەکانیان بێت (الحسنیة، 2009: 288)، یان بەشێوەیەکی گشتی ڕەزامەندیی قوتابییان بارودۆخێکی ناوەکییە لای قوتابییان لە ڕەفتار و وەڵامدانەوەکانی بەدیار دەکەوێت. ئاماژەشە بۆ ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندنەکەی لە ڕابردوو و لە ئێستادا، هەروەها گەشبینە بە ژیانی داهاتووی (سفر، 2017: 177).

پێناسەی ڕێککاری بۆ ڕەزامەندیی قوتابییان لەم توێژیەوەیەدا، بریتییە لە ڕەزامەندیی قوتابییانی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە،

له لایەنەکـانی (مامۆسـتایان و چـۆنیەتی پێشکەشـکردنی وانەکـان، وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان).

### 3: قوتابیی زانکۆ:

مەبەسـت لە قوتـابیی زانکـۆ ئەو کەسـەیە کە توانسـتی زانسـتی هەیە لە گواستنەوە لە قۆنـاغی ئامـادەیی بـۆ زانکـۆ بەپێی پسـپۆڕییەکەی، وا دادەنرێت قوتـابی ڕەگەزێکـی سـەرەکی و چـالاکە لە پرۆسـەی پەروەردەیـی و پێکهـاتەی زانکۆ (دخيلي، 2017: 16).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە قوتابییانی زانکۆ، بریتییە لە قوتابییانی قۆنـاغی (دووەم، سـێیەم و چـوارەم)ی خوێنـدنی بەیانیـان لە فـاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، تیایدا دوای سەرکەوتن لە هەر چواری قۆنـاغی خوێندن، بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەستدەهێنێن.

### 4: زانکۆ- زانکۆی کۆیە:

زانکۆ بەمانـای هەر جۆرە خوێندنێک کە لە دوای خوێندنی ئامـادەیی بێـت، لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەی زانکـۆ بێـت یـان هەر دامەزراوەیەکـی خوێنـدنی بـاڵا بێـت، کە لەلایەن دەسـەڵاتی ڕەسـمیی دەوڵەت دانپێدانرابێت(بوعشة، 2000: 10). یان زانکۆ شوێنێکە مەعریفەی تیایدا بڵاودەکرێتەوە، تـوێژینەوەی زانسـتی تیایـدا ئەنجـام دەدرێـت، کاردەکـات لەپێنـاو گەشـەپێدانی هـونەر و زانسـت و تەکنەلۆژیـا پێشکەشـی کۆمەڵگـای دەکـات، هەروەهـا پسـپۆر و شـارەزا لە گشـت لایەنەکـانی کـار و بەرهەمهێنان لەناو کۆمەڵگادا زیاد دەکات (نسيمة، 2014: 12).

سـەبارەت بە زانکـۆی کـۆیە، ئەم زانکـۆیە دەکەوێـتە شـاری کـۆیەی پارێزگـای هەولێـر. بە فەرمـانی ژمـارە (218)ی حکـومەتی هەرێمـی

کوردستان لە ڕێکەوتی 2004/11/29 لە دوای لکاندنی هەردوو کۆلێجی (پەروەردە و شەریعە و یاسا)، وەکو چوارەم زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و یەکەم زانکۆ لە دەرەوەی پارێزگاکان دامەزراوە. لە ئێستادا زانکۆی کۆیە لە چوار فاکەڵتی پێکدێت کە بریتین لە فاکەڵتییەکانی (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە، ئەندازیاری، زانست و تەندروستی) و (سکوڵی پزیشکی و سکوڵی پەروەردەی وەرزش) و (27) بەشی زانستی لەخۆدەگرێت. (ماڵپەڕی زانکۆی کۆیە، 2019)

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

سەبارەت بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەوا کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجامدراوە لەسەر ڕەزامەندیی قوتابییان لە لایەنێک لە لایەنەکانی زانکۆ، کە لێرەدا بە پوختی دەیانخەینەڕوو:

**1- کارامەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە زانکۆی أم القری لە ڕوانگەی قوتابییەکانیانەوە (الاسمر، 2005)**. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کارامەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژیە بۆ بابەتەکانی (کەسایەتی، وانەوتنەوە، بەڕێوەبردنی پۆل و هەڵسەنگاندن) لە ڕوانگەی قوتابییانی قۆناغی بەکالۆریۆس لە زانکۆی (**أم القری**)، لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە بەکارهاتووە، بۆ پێوانەکردنی کارامەیی دەستەی وانەبێژی، کە لە (62) بڕگە پێکهاتووە، بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراون. لەم توێژینەوەیە نموونەی هەرەمەکی لە جۆری چینایەتی بەکارهاتووە. دەرکەوتووە لە ئاستێکی ناوەندا قوتابییان لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی (أم القری) ڕازین.

**2- ڕەزامەندی لە کارامەیی ئەکادیمی لای دەرچووانی بەشی بنیاد و کارگێڕیی پەروەردەیی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی (سلطان قابوس) (حسن و ابراهیم و الظفري، 2011)**. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی

ڕەزامەنــدیی قوتابییــانی دەرچــووی کــۆلێژی پەروەردەیە لە زانکــۆی (ســلطان قـابوس)، لەم تـوێژینەوەیە پرسـیارنامە بەکارهـاتووە، بـۆ پێـوانەکردنی ئاسـتی ڕەزامەنــدیی قوتابییــان، کە لە (79) بــڕگە پێکهــاتووە، بەســەر پێــنج تەوەرە دابەش کـراون. لەم تـوێژینەوەیە نمـوونەی هەرەمەکـی لە جـۆری چینـایەتی بەکارهــاتووە. دەرکەوتــووە ڕەزامەنــدیی قوتابییــان لە ئاســتێکی ناوەنــددایە بەرانبەر بە کـارامەیی ئەکـادیمیی مامۆسـتایانی زانکـۆ لای دەرچـووانی بەشـی کارگێڕیی پەروەردەیی لە زانکۆی (سلطان قابوس).

**3- هەڵسـەنگاندنی ئەدای ئەندامانی دەسـتەی وانەبێـژی لە زانکـۆدا لە ڕوانگای قوتابییان "توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی دیالە" (عزیز، 2012).**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دروسـتکردنی ئامرازێکە بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئەدای ئەنــدامانی دەســتەی وانەبێــژی لە (زانکــۆی دیــالە) لە ڕوانــگەی قوتابییــانی خوێنــدنی بــاڵا. بــۆ ئەم مەبەســتە تــوێژەر بە ســوودبینین لە ئەدەبیــات و تــوێژینەوەی پێشــوو ئــامرازێکی دروســتکرد، کە لە پێــنج بــوار پێکهــاتبوو، ئەوانــیش (پێشکەشــکردنی وانەکــان، خۆئامــادەکردن، ئامادەکــاری بــۆ تاقیکردنەوەکــان، کەســایەتی و کارەکــانی دەســتەی وانەبێــژی). لە کۆتاییــدا پێوەرەکە لە (42) بڕگە پێکهاتبوو، (75) قوتابیشـی بە نموونە وەرگرتبـوو. لە کۆتاییـدا دەرکەوتـووە لاوازییەکـی ڕوون لە ئەداکردنـی مامۆسـتایان هەیە لە هەر پێنج بواردا لە (زانکۆی دیالە).

**4- ڕەزامەندی لە پسپۆڕی لای قوتابییانی زانکۆی (أم قری) و پەیوەندی بە گونجـانی دەروونـی و کـۆمەڵایەتی لە بەدەسـتهێنانی بڕوانـامە (الزعبي، 2013).** ئامــانجی ئەم تــوێژینەوەیە بــۆ پێــوانەکردنی ئاســتی ڕەزامەنــدی لە پسپۆڕی لای قوتابییانی زانکۆی (ام قری)یە، بەشـێوەیەکی هەرەمەکی لەنێوان دە کۆلێژ وەرگیراون، توێژەر لەو توێژیەوەیەدا دوو پێوەری بەکارهێناوە، لە گرنگتــرین ئەنجامەکــانیش بــریتییە لە ڕەزامەنــدییەکی ئیجــابی بەرانــبەر بە پسپۆڕی ئەکادیمی لای قوتابییانی زانکۆی (ام قری).

## شەشـــەم: تیۆرەکـانی تـایبەت بە دراسـەکردنی ڕەزامەنـدی لە سـتافی ئەکادیمی

لێرەدا بە پوختی چەند تیۆرێک دەخەینەڕوو، ئەوانیش:

### 1- تیۆری بەهاکان و ئامانجەکان و مانادانان ( Values, Goals and Meanings Theory)

تـاک هەسـت بە ڕەزامەنـدی دەکـات، کاتێک ئامانجەکـانی بەدی دێـت، جیـاوازیی هەسـتکردن بە ڕەزامەنـدی لای تاکەکـان بە جیـاوازیی ئامانجەکانیان و گرنگییان بۆی بەدی دەکرێت، بەپێی ئەو بەها باوانەی کە لە ژینگەکەیـدا دەژیـت. توێژینەوەکـان جەخـت لەوە دەکەنەوە کە ئەو تاکـانەی کە درک بە حەقیقەتـی ئامانجەکانیـان و حەزەکانیـان دەکەن و گرنگە لەلایان، تیایدا سەرکەوتوو دەبن و ئاستی ڕەزامەندییان بەرزترە لە وانەی درک بە حەقیقەتـی ئامانجەکانیـان نـاکەن (الغـانمي و الامـارة، 2014: 306).

### 2: تیۆری گونجان (Adaptation Theory)

تاکەکـان بەشـێوازی جیـاواز هەڵسـوکەوت دەکەن بەرانـبەر ڕووداوە تازەکـان لە ژیانـدا، ئەمەش پشتدەبەسـتێت بە جـۆری کەسـایەتییان و پەرچەکردارەکانیـان، ئامانجەکانیـان لە ژیانـدا، بەڵام بەهۆکـاری لێڕاهـاتن لەگەڵ ڕووداوەکـان وردەوردە دەگەڕێنەوە بۆ خـاڵی سـەرەکی کە پێشـتر لەسەری بوون پێش ڕوودانـی ڕووداوەکـان. تاکەکان لە هەر تەمەنێک بن جیاواز نین لە هەستکردن بە ڕەزامەندی، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسـتی گونجانیـان لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکـان (جبر و منشـد، 2015: 130).

### 3: تیۆری هەڵوێستەکان (Situational Theory)

مرۆڤ ڕەزامەند دەبێت لە ژیانیدا کاتێک لە بارودۆخێکی خۆشدا دەژێت، هەست بە سەرکەوتن دەکات لە جێبەجێبوونی ئامانجەکانی، وەکو هاوڕێی باش، خێزانی بەختەوەر و وابەستە بەیەک، دەستکەوتنی کارێکی باش، ... تاد. بەپێی ئەم تیۆرە تاک ڕەزامەند دەبێت تا ئاستێکی باش، کاتێک لە بارودۆخێکی خۆشدا دەبێت (دخيلي، 2017: 33).

### 4: تیۆری بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی (Social Comparison Theory)

مرۆڤ ڕەزامەندە لە ژیانیدا کاتێک بەراوردی خۆی دەکات لەگەڵ کەسانی دیکە، دەبینێت کە سەرکەوتنەکان و کارەکانی چاکترە بە بەراورد لەگەڵ کەسانی دیکە، هەست بە لێهاتوویی و بەها و ڕێزگرتن لە خود دەکات و لە ژیاندا هەست بە کامەرانی دەکات. هەروەها ئەو تاکانەی خۆیان بە کەسانێک بەراورد دەکەن، کە لە هەمان کلتوورن زیاتر کامەرانن ئەگەر بارودۆخیان لەوان باشتر بێت (دخيلي، 2017: 33).

### 5: تیۆری سوپەر (Super Theory)

زانا سوپەر لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتە: کاتێک تاک دەیەوێت لە ژیانیدا زیاتر لە ڕۆڵێک ببینێت وەکو ڕۆڵی لە خێزاندا، یان ڕۆڵی وەک تاکێک لە کۆمەڵگادا، یان ڕۆڵی وەک هاوڕێ، یان ڕۆڵی وەکو قوتابی...، لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی هەستکردن بە ڕەزامەندی و دڵەڕاوکێ. ئەو تاکانەی باشتر دەتوانن گونجان دروستبکەن لە نێوان ئەو ڕۆڵانەی کە دەیگێڕن زیاتر هەست بە ڕەزامەندی دەکەن بە بەراورد بەو تاکانەی تەنها یەک ڕۆڵ دەگێڕن لە ژیاندا (ميسة، 2014: 17).

**لێکدانەوە و گفتوگۆکردنی تیۆرەکان**

لە کۆی ئەو تیۆرانەی کە خراونەتەروو، دەکرێت بەمشێوەیە ڕاڤەی ڕەزامەنـــدیی قوتابییـــان بکەیـــن؛ ســـەبارەت بە تیـــۆری بەهاکـــان و ئامانجەکان و مانادانان، کاتێک قوتابییان ئامانجێکیان هەبێت و لە ژێر ڕۆشـنایی ئەو بەهایـانەی کە لەنـاو زانکـۆدا هەن، ئەوا زیـاتر دەتـوانن ڕەزامەند بن لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆ و بتوانن لەگەڵ ژیانی زانکۆییدا بگونجێن. هەروەها سـەبارەت بە تیۆری گونجانیش ئەوا قوتـابی زانکۆ، دوای ئەوەی ساڵی یەکەمی بەسەرکەوتووی بەڕێ کرد، ئەوا شارەزایی ژیـانی زانکـۆ دەبێـت و مامۆسـتایانی باشـتر دەناسـێت، هەربـۆیە وردە وردە لەگەڵ بەشـــەکەیان و مامۆســـتایان دەگـــونجێن و هەســـت بە ڕەزامەندی دەکەن.

هەرچـی تیـۆری هەڵوێسـتەکانە، قوتـابیی زانکـۆ هەرکـات کێشـەی نەبـوو یـان تووشـی هـیچ هەڵوێسـتێکی نەخـوازراو نەبـوو لەگەڵ سـتافی ئەکـادیمی ئەوا هەسـت بە سـەرکەوتن دەکـات، بەتـایبەتی ئەگەر لەنـاو پۆلــدا هەســتی بە ئــارامیی دەروونـــی کـــرد، یـــان ئەزمـــوونی لەگەڵ مامۆسـتایان و تاقیکردنەوەکـان ئەزمـوونێکی بـاش بـوو، ئەوا قوتـابی ڕەزامەند دەبێت لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆکەی.

بەڵام سـەبارەت بە تیـۆری بەراوردکـاریی کـۆمەڵایەتی، کاتێـک قوتـــابی دەســـتەی وانەبێـــژی بەشـــەکەی خـــۆی بەراورد دەکـــات بە بەشـــەکانی دیـــکە، یـــان کاتێـــک بەراوردی خـــۆی دەکـــات لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە، دەبینێت کە سـەرکەوتووە و کارەکانی چـاکترە بە بەراورد لەگەڵ قوتابییەکـانی دیـکە، هەسـت بە لێهـاتوویی و بەهـا و

ڕێزگــرتن لە خــود دەكــات و لە ژیانــدا هەســت بە كــامەرانی و ڕەزامەندی دەكات. لە كۆتاییدا سوپەر لە تیۆرەكەیدا ئاماژەی بەوەدا هەركات تاك توانی گونجان دروستبكات لە نێوان ئەو ڕۆڵانەی كە جێبەجێی دەكات، ئەوا زیاتر هەست بە ڕەزامەندی دەكات. قوتابییانی زانكۆش كاتێک سەركەوتوو بوون لە گونجانیان بەتایبەتی لەگەڵ ستافی ئەكادیمی و هۆڵەكانی خوێندن هەروەها توانیان ڕۆڵەكانیان وەک قوتابی، هاوڕێ، ئەندامی خێزان، تاكێک لە كۆمەڵگەدا یان تاكێک لەناو دامەزراوەیەكی ئەكادیمیدا... تاد، ئەوا زیاتر هەست بە ڕەزاندی دەكەن.

**حەفتەم: میتۆدی توێژینەوە**

میتــۆد (Method) بەوە پێناســە دەكرێــت كە ئــامرازێكی دەستنیشــانكراوە بــۆ گەیشــتن بــە ئامــانجێكی دیاركراو(العســكري، 2007: 1). یــان بریتییــە لــەو ڕێگەیــەی كــە تــوێژەر دەیگرێتەبــەر لــە كــاتی دراســەكردنی كێشــەیەک بــۆ دۆزینــەوەی ڕاســتییەكان و، وەڵامدانــەوەی پرسیارەكانی بابــەتی توێژینەوەكــەی (شـفیق، 2008: 85). ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیدا بەكارهاتووە بریتییە لە:

- **میتـۆدی ڕووپێـوی كۆمەڵایـەتی** (Social Survey Method) بەڵام بە ڕێگەی **نموونە** (Sample) میتۆدی ڕووپێوی كۆمەڵایەتی یەكێكە لە میتــۆدە ســەرەكییەكان بەكاردەهێنــدرێت بەمەبەســتی كۆكردنــەوەی زانیــاری لــەبارەی ڕەفتــاری تاكــەكان یــان كۆمەڵــەكان یــان زانینــی بیروبۆچوون و هەڵوێستەكانیان بەرامبەر بە بابەتێكی دیاریكراو (شـیا، 2008: 18). هەروەهــا گشــتاندنی ئەنجامەكــانی نمــوونەكە بەســەر ئەو كــۆمەڵگەی تــوێژینەوەیەی كە نمــوونەكەی لێــوەرگیراوە، بەڵام تــا

خەسڵەتەکانی ئەو یەکانەی وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون نزیک بێت لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەوا باشتر دەتوانرێت ئەنجامەکانی لەسەر بگشتێنرێت (عقیل، 1999: 94).

**هەشتەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە**

**دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە گشت ئەو تاکانە یان حاڵەتانە دەگرێتەوە، کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەسەریاندا بگشتێنێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بۆچوونی قوتابییان لەبارەی ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر قوتابییانی فاکەڵتیی پەروەردە) کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە هەموو قوتابییانی خوێندنی بەیانیان کە لە قۆناغی (دووەم، سێیەم و چوارەم)ی فاکەڵتیی پەروەردە دەخوێنن.

**دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا نموونەیەکی هەڕەمەکی (Random Sample) لە جۆری (هێشوویی- العنقودیة- Cluster) وەرگیراوە. لەم جۆرەی نموونە وەرگرتنەدا گرووپەکان هەڵدەبژێردرێن نەک تاکەکان و پێویست بە هەبوونی لیستی ناوی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە ناکات (الصیرفی، 2008: 201- 203)، ئەمەش بەهۆکاری بەردەست نەبوونی لیستی قوتابییان و وەڵامنەدانەوەی بەشێک لە قوتابییان، بۆیە ئەم جۆرە نموونەیە هەڵبژێردراوە.

قەبارەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە (150) قوتابیی زانکۆ پێکهاتووە، لەبەرئەوەی گونجان "تجانس" لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە هەیە،

وەرگرتنی ڕێژەی (15%) کۆمەڵگەی توێژینەوە، (ئاماژەیەکی باشە چونکە بەپێی بۆچوونی بەشێک لە توێژەران وەرگرتنی ڕێژەی (10% - 15%) نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکاندا کە گونجانیان لە نێواندا هەیە، بە نموونەیەکی گونجاو هەژمار دەکرێت) (القصاص، 2014: 86)، تاکەکانی نموونە بەشێوەی نموونەی هەڕەمەکیی هێشووی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، لەسەر بنچینەی بەشەکان و قۆناغەکان بەپێی ژمارەی قوتابییان (د. سفین جلال، یاریدەدەری ڕاگری فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە، ئاماری ژمارەی قوتابییان بەپێی بەشەکان، 2019)، لەو حەفت بەشەی کە بە نموونە وەرگیراون، واتە لە قۆناغی یەکەمدا فاکەڵتیی پەروەردە بەسەر حەفت بەش دابەشکراوە، هەریەکەیان بەپێی ژمارەی قوتابییانی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەسەردا دابەشکراوە، ئینجا لە قۆناغی دووەمدا هەریەکە لەو بەشانە چەند فۆرمی بەرکەوتووە بەسەر قۆناغەکانی (دووەم، سێیەم و چوارەم) هەر بەشێک دابەشکراوە، بڕوانە (خشتەی 1):

**(خشتەی 1)**

**چۆنیەتی وەرگرتنی نموونە بەپێی بەش و قۆناغ ڕووندەکاتەوە**

| بەش | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی | قەبارەی نموونە |
| --- | --- | --- | --- |
| پەروەردەی دەروونزانی | 96 | % 9.54 | 14 |
| پەروەردەی عەرەبی | 135 | % 13.42 | 20 |
| پەروەردەی ئینگلیزی | 140 | % 13.92 | 21 |
| پەروەردەی کوردی | 148 | % 14.71 | 22 |
| پەروەردەی مێژوو | 153 | % 15.21 | 23 |
| پەروەردەی ئاینی | 162 | % 16.1 | 24 |
| پەروەردەی جوگرافیا | 172 | % 17.1 | 26 |
| کۆی گشتی | 1006 | % 100 | 150 |

**نۆیەم: بوارەکانی توێژینەوە**

**1- بواری مرۆیی:** ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە کە لە قۆناغەکانی (دووەم، سێیەم و چوارەم)ی هەر حەفت بەشی بەیانیانی فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە دەخوێنن، ئینجا چ کوڕ بن چ کچ.

**2- بواری شوێن:** سنووری جوگرافی توێژینەوەکە بریتییە لە بەشەکانی بەیانیانی فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە.

**3- بواری کاتی:** مەبەست لێی ئەو کاتەیە، کە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە تەرخان کرابوو، لەم توێژینەوەیەدا بواری کاتی ماوەی نێوان (28/ 2/ 2019 تاکو 5/ 5/ 2019). بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان خایاندووە.

**دەیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە (Questionnaire) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی پرسیارنامەکە بە سود بینین لە ئەدەبیاتی پێشوو و گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابییان، لە سەرەتادا لە شێوەی چەند بڕگەیەک بەشێوەی پێوەری لیگەرت (Likert scale)ی پێنجی ئامادەکرا. ئینجا بۆ ئەوەی مەرجە سایکۆمەترییەکانی لێبێتەدی، هەردوو ئامرازی "ڕاستێتی- Validity" و، "جێگیریی Reliability"(مغلي و سلامة، 2002: 41- 45) لەسەر جێبەجێکراوە.

پرسیارنامەکەی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرهێنانی ڕاستێتی ڕێگەی "ڕاستێتی گونجانی ناوەڕۆک" (صدق الاتساق الداخلي)(عطية، 2009: 108 -109)، بۆ گشت پرسیارەکانی توێژینەوە بەکارهاتووە. ئەویش لە ڕێگەی "هاوکۆڵکەی پەیوەستی پێرسۆن" (معامل ارتباط بيرسون- Pearson

Correlation)(منســـي و الشـــريف، 2014: 173 -175)، له ئەنجامـــدا دەرکەوتووە گشت بڕگەکانی پرسیارنامەکە بە بەراوردکردن بە نمرەی گشتی پرســـیارنامەکە لە ئاســـتێکی بەرزدا بـــوون بە ئامـــاژەداری (0.01) (ســـەیری پاشکۆی "3" بکە). هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامراز، توێژەر (12) فۆرمی بەســـەر کۆمەڵگـــەی توێژینەوەکـــەی دابەشـــکرد، لـــە ڕێگـــەی بـــەکارهێنانی هاوکۆڵکەی ئـەلفا کرونبـاخ (Alpha Cronbach) دەرکـەوت جێگـیری ئـامراز (0.915) (سـەیری پاشـکۆی "2" بکـە) هـەروەها ئەمـەش ئاماژەیـەکی باشـە بۆ جێگیری پرسیارنامەکە.

لە کۆتاییدا ژمارەی بڕگەکانی پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە بوو بە (29) پرســـیار، لەوانـــەش (7) پرســـیاریان گشـــتین بـــۆ وەســـفکردنی تایبەتمەندییـەکانی ئەنـدامانی نموونەکـە دانـراون و، (22) پرسیاریشـیان تایبـەتین، بەسـەر (2) تەوەرەدا بـۆ دەرخسـتنی ڕەزامەنـدیی قوتابییـان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە دانراوە (سەیری پاشکۆی "1" بکە).

**یازدەیەم: ئیتیکی توێژینەوە**

لە تـــوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانـــدا زۆر گرنگـــی بە ئیتیکـــی تـــوێژینەوە دەدرێت، بەوپێیەی لە کاتی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی هەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەبێت لێتوێژەر بیرۆکەیەک لەبارەی توێژینەوەکە بزانێت، وەک ئامـــانج لە تـــوێژینەوەکە و ئەو زانیارییـــانەی لە پرســـیارنامەوە تۆمـــار دەکرێن، چـۆن بەکـاردێن. پێویسـتە لێتـوێژەر دڵنیـابکرێتەوە کە زانیارییەکـان بەنهێنی دەمێننەوە و هەموو مافێکی پارێزراو دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدیی لێتـوێژەر و ئاشـنایەتییان بە چـۆنیەتی وەڵامـدانەوەی پرسـیارەکان، پرسـیارنامەکەیان بەسـەردا دابەشـکرا. لە کۆتاییـدا لێتـوێژەران دڵنیاکرانەوە کە زانیارییەکانیان بە نهێنی دەمێنێتەوە و تەنها بۆکاری زانستی بەکاردێن.

**دوازدەیەم: ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا**

ئـەمڕۆ کۆمپیوتـەر لـە پرۆسـەی توێژینـەوەدا ڕۆڵێکـی بـاڵا دەگێڕێت، یـەکێک لـەو بەرنامـە کۆمپیوتەریانـەی کـە لـەم توێژینەوەیـەدا بـەکارهاتووە بەرنامەی (SPSS)(امین، 2012، 129- 159)، ئـەویش بـۆ پۆلێنکردن و دروسـتکردنی خشـتەکان و شـیکردنەوەی زانیارییـەکان سـوودی لێوەرگیراوە. هەروەها دەرهێنانی ڕێژەی سەدی (النسبة المئوية)، ناوەندی ژمارەیی (الوسط الحسابي Mean)، ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگە (الوسـط الحسـابي المـرجح للفقـرة)، هـاوکۆڵکەی پەیوەسـتی پێرسـۆن (Pearson Correlation) بـۆ ڕاسـتێتی پرسـیارنامە و، ئـەلفا کرونبـاخ (Alpha Cronbach) بۆ جێگیری پرسیارنامە، لادانی پێوەریی (الانحراف المعياري - Std. Deviation).

**سێزدەیەم: شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**یەک: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە**

**1: خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە**

لـە (خشـتەی 2) کـە تیایـدا خەسـڵەتەکانی تاکەکـانی نموونـەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت:

**ڕەگـەز:** تاکـەکانی نموونـەی توێژینەوەکـە بـە ڕێـژەی (50%) بـۆ ڕەگەزی نێر و، ڕێژەی (50%) بۆ ڕەگەزی مێ پێکدێت.

**شوێنی نیشتەجێبوون:** ڕێژەی (56%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئـەو قوتابییـانەن کـە نیشـتەجێی قەزاکـانن، ئینجـا ڕێـژەی (24.7%) ئـەو قوتابییانەن کە نیشتەجێی شارەکانن، هەروەها ڕێژەی (17.3%) تاکەکانی

نمــوونەکە لەو قوتابییــانەن کــە نیشــتەجێی ناحییەکــانن، ڕێــژەی (2%) نموونەکە ئەوانەن کە لە گوند نیشتەجێن.

**بەش:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (17.4%) لە بەشـی (جوگرافیا) قوتابین، ڕێژەی (16%) لە بەشی (پەروەردەی ئاینی) قوتـابین، ئینجـا ڕێـژەی (15.3%) لە بەشـی (مێژوو) قوتـابین، هەروەهـا بەشـەکانی (کـــوردی و ئینگلیـــزی) بە ڕێژەکـــانی (14.7% و 14%) نمـــوونەکە پێکـدەهێنن، لە کۆتاییـدا بەشـی عەرەبـی بەڕێـژەی (13.3%) و بەشـی پەروەردەی دەروونزانی ڕێژەی (9.3%) نموونەکە پێکدەهێنن. جیـاوازیی ئەم ڕێژانەش دەگەڕێتەوە، بۆ جیاوازی ژمارەی قوتابییان لە هەر بەشـێکدا (سەیری خشتەی "1" بکە).

**(خشتەی 2)**

**خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | نێر | 75 | %50 |
| | | مێ | 75 | %50 |
| 2 | شوێنی نیشتەجێبوون | گوند | 3 | %2 |
| | | ناحیە | 26 | %17.3 |
| | | قەزا | 84 | %56 |
| | | شار | 37 | %24.7 |
| 3 | بەش | پەروەردەی دەروونزانی | 14 | %9.3 |
| | | پەروەردەی عەرەبی | 20 | %13.3 |
| | | پەروەردەی ئینگلیزی | 21 | %14 |
| | | پەروەردەی کوردی | 22 | %14.7 |
| | | پەروەردەی مێژوو | 23 | %15.3 |
| | | پەروەردەی ئایینی | 24 | %16 |
| | | پەروەردەی جوگرافیا | 26 | %17.4 |
| 4 | قۆناغ | قۆناغی دووەم | 81 | %54 |
| | | قۆناغی سێیەم | 38 | %25.3 |
| | | قۆناغی چوارەم | 31 | %20.7 |
| 5 | قوتابی بەشی ناوخۆیی | بەڵێ | 94 | %62.7 |
| | | نەخێر | 56 | %37.3 |
| 6 | وانەی پەرینەوەت هەیە | بەڵێ | 35 | %23.4 |
| | | نەخێر | 115 | %76.6 |
| 7 | ڕەزامەندی هەڵبژاردنی بەش | بەڵێ | 106 | %70.7 |
| | | نەخێر | 44 | %29.3 |
| کۆی گشتی نموونە = 150 قوتابی | | | | |

**قۆناغ:** ڕێژەی (54%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە قوتابین لە قۆناغی دووەمی خوێندن، ئینجا ڕێژەی (25.3%) ئەو قوتابییانەن کە لە قۆناغی سێیەم دەخوێنن، هەرچی قوتابییانی قۆناغی چوارەمن ڕێژەی (20.7%) نموونەکە پێکدەهێنن.

**قوتابیی بەشی ناوخۆیی:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (62.7%) لە بەشی ناوخۆیی ژیان دەگوزەرێنن و ڕێژەی (37.3%) ئەو قوتابییانەن کە لە دەرەوەی بەشە ناوخۆیی ژیان دەگوزەرێنن.

**وانەی پەڕینەوە (عبور):** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (23.4%) وانەی پەڕینەوەیان هەیە، ڕێژەی (76.6%) ئەو قوتابییانەن کە لە قۆناغی ئێستای خوێندندا وانەی پەڕینەوەیان نییە.

**ڕەزامەندیی هەڵبژاردنی بەش:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (70.7%) بە ڕەزامەندیی خۆیان ئەو بەشەیان هەڵبژاردووە کە تیایدا قوتابین، لە بەرانبەردا ڕێژەی (29.3%) لەژێر کاریگەریی خزم و کەس و ناسیاوان یان سیستەمی وەرگرتن لەو بەشەی دەخوێنن قوتابین، واتە بە ڕەزامەندیی خۆیان نەهاتوونەتە بەشەکە.

**دوو: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم باسە بۆ وەسفکردن بڕگە و پرسیارەکانی توێژینەوەکەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ڕاوبۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە، ناوەندی گریمانەکراو، لادانی پێوەری و، ڕێژەی ڕازیبوون.

سەبارەت بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگە، ئەگەر گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەکراو (3) ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕازین لەسەر ناوەڕۆکی بڕگەکە، هەروەها ئەگەر ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بڕگەیەک گەورەتر بوو لە (60%) ئەوا بەهەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕازین لەسەر ناوەڕۆکی بڕگەکە. ئەمەش لەسەر ناوەڕۆکی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکە جێبەجێ دەبێت.

## 1- ڕەزامەندیی قوتابییان لە مامۆستایان و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی وانەکان

ڕیزبەندی بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم (**ڕەزامەندی قوتابییان لە مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان**) لە بڕگە (1- 12) بەشێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 3) بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی قوتابییان ڕازین لە مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان، چونکە ڕێژەی ڕازیبوونی (68.65%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (3.43) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.25)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێزی**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە.

(خشتەی 3)

ڕەزامەندی قوتابیان لە مامۆستایان و چۆنییەتی پێشکەشکردنی وانەکان لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەی یەکەم | پ | زۆر لەگەڵیدام 5 | | لەگەڵیدام 4 | | بۆچوونێکم نییە 3 | | لەگەڵیدا نیم 2 | | هیچ لەگەڵیدا نیم 1 | | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بۆ برگە | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون | ریزبەندی رازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| ڕەزامەندی لە مامۆستایان و چۆنییەتی پێشکەشکردنی وانەکان | 1 | 28 | % 18.7 | 62 | % 41.3 | 26 | % 17.3 | 14 | % 9.3 | 20 | % 13.3 | 3.42 | 1.27 | %68.4 | 8 |
| | 2 | 26 | % 17.3 | 37 | % 24.7 | 23 | % 15.3 | 28 | % 18.7 | 36 | % 24 | 2.92 | 1.44 | %58.4 | 12 |
| | 3 | 48 | % 32 | 61 | % 40.7 | 18 | % 12 | 12 | % 8 | 11 | % 7.3 | 3.82 | 1.18 | %76.4 | 1 |
| | 4 | 44 | % 29.3 | 63 | % 42 | 12 | % 8 | 13 | % 8.7 | 18 | % 12 | 3.69 | 1.30 | %73.8 | 2 |
| | 5 | 27 | % 18 | 49 | % 32.7 | 41 | % 27.3 | 12 | % 8 | 21 | % 14 | 3.32 | 1.26 | %66.4 | 9 |
| | 6 | 26 | % 17.3 | 49 | % 32.7 | 29 | % 19.3 | 18 | % 12 | 28 | % 18.7 | 3.18 | 1.36 | %63.6 | 10 |
| | 7 | 21 | % 14 | 40 | % 26.7 | 36 | % 24 | 21 | % 14 | 32 | % 21.3 | 2.98 | 1.35 | %59.6 | 11 |
| | 8 | 34 | % 22.7 | 48 | % 32 | 35 | % 23.3 | 18 | % 12 | 15 | % 10 | 3.45 | 1.24 | %69 | 7 |
| | 9 | 24 | % 16 | 66 | % 44 | 30 | % 20 | 15 | % 10 | 15 | % 10 | 3.46 | 1.17 | %69.2 | 6 |
| | 10 | 41 | % 27.3 | 53 | % 35.3 | 33 | % 22 | 11 | % 7.3 | 12 | % 8 | 3.66 | 1.18 | %73.2 | 4 |
| | 11 | 36 | % 24 | 63 | % 42 | 28 | % 18.7 | 13 | % 8.7 | 10 | % 6.7 | 3.68 | 1.13 | %73.6 | 3 |
| | 12 | 42 | % 28 | 55 | % 36.7 | 26 | % 17.3 | 11 | % 7.3 | 16 | % 10.7 | 3.64 | 1.12 | %72.2 | 5 |
| کۆی گشتی | | 33.08 | %22.05 | 53.83 | %35.9 | 28.08 | %18.7 | 15.5 | %10.33 | 19.5 | %13 | 3.43 | 1.25 | %68.65 | |

**سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم ئەوا؛** بڕگەکانی (3، 4، 11، 10، 12، 9، 8، 1) ڕێژەی ڕازیبوونیان بریتییە لە (76.4%، 73.8%، 73.6%، 73.2%، 72.2%، 69.2%، 69%، 68.4) و گەورەترن لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (1 بۆ 8)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەیان بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر هەشت بڕگەکە (3.82، 3.69، 3.68، 3.66، 3.64، 3.46، 3.45، 3.42) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.18، 1.30، 1.13، 1.18، 1.12، 1.17، 1.24، 1.27)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێزی**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگانە کە دەڵێت؛ مامۆستایانی زانکۆ **(کارلێکی لەگەڵ قوتابییان باشە و هاوکارییان دەکات، هانیان دەدات بۆ ئەوەی پرسیار بکەن و، ڕێز لە بەها باڵاکان و دابونەریتی کۆمەڵگا دەگرێت، ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و لێبووردەیی تیاییدا بەدی دەکرێت، هاوکاری قوتابییان دەکات، بابەتیانە هەڵسوکەوت**

**دەکات و، ڕێدەدات قوتابییان ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن و پەیوەندی لەگەڵیاندا ڕاشکاوانە و ڕوونە).**

بەڵام بڕگەکانی (5، 6) ڕێژەی ڕازیبوونیان (66.4%، 63.6%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (9 بۆ 10)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر دوو بڕگەکە (3.32، 3.18) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.26، 1.36)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**ناوەندی**)ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە.

هەروەها بڕگەکانی (7، 2) ڕێژەی ڕازیبوونیان (59.6%، 58.4%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (11 بۆ 12)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (2.98، 2.92) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.35، 1.44)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**لاوازی**)ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە کە دەڵێت؛ (**قوتابی هەست بە ئارامی دەروونی دەکات لە وانەکەیدا، لە هەڵسوکەوتکردندا ڕەچاوی یەکسانی لە نێوان قوتابییان دەکات**).

## 2- ڕەزامەندیی قوتابییان لە وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان

ڕیزبەندی بڕگەکانی تەوەری دووەم (**ڕەزامەندی قوتابییان لە وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان**) لە بڕگە (13- 22) بەشێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی 4) بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی قوتابییان ڕازین لە وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان، چونکە ڕێژەی ڕازیبوونی (66.41%)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (3.32)ە و

گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.32)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**ناوەندی**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە.

(**خشتەی** 4)

**ڕەزامەندی قوتابیان لە وانەکان و چۆنییەتی هەڵسەنگاندنیان لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| تەوەرەی دووەم | پ | زۆر لەگەڵیدام 5 | | لەگەڵیدام 4 | | بۆچوونێکم نییە 3 | | لەگەڵیدا نیم 2 | | هیچ لەگەڵیدا نیم 1 | | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بۆ برگە | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕیزبەندی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| ڕەزامەندی لە وانەکان و هەڵسەنگاندنیان | 13 | 35 | % 23.3 | 64 | % 42.7 | 17 | % 11.3 | 17 | % 11.3 | 17 | % 11.3 | 3.55 | 1.27 | %71 | 3 |
| | 14 | 19 | % 12.7 | 48 | % 32 | 24 | % 16 | 24 | % 16 | 35 | % 23.3 | 2.94 | 1.38 | %58.8 | 9 |
| | 15 | 26 | % 17.3 | 59 | % 39.3 | 25 | % 16.7 | 15 | % 10 | 25 | % 16.7 | 3.30 | 1.33 | %66 | 7 |
| | 16 | 41 | % 27.3 | 54 | % 36 | 17 | % 11.3 | 18 | % 12 | 20 | % 13.3 | 3.52 | 1.35 | %70.4 | 4 |
| | 17 | 36 | % 24 | 59 | % 39.3 | 24 | % 16 | 17 | % 11.3 | 14 | % 9.3 | 3.57 | 1.23 | %71.4 | 1 |
| | 18 | 37 | % 24.7 | 56 | % 37.3 | 22 | % 14.7 | 15 | % 10 | 20 | % 13.3 | 3.50 | 1.32 | %70 | 5 |
| | 19 | 18 | % 12 | 47 | % 31.3 | 23 | % 15.3 | 21 | % 14 | 41 | % 27.3 | 2.86 | 1.42 | %57.2 | 10 |
| | 20 | 27 | % 18 | 50 | % 33.3 | 38 | % 25.3 | 21 | % 14 | 14 | % 9.3 | 3.36 | 1.20 | %67.3 | 6 |
| | 21 | 28 | % 18.7 | 38 | % 25.3 | 28 | % 18.7 | 25 | % 16.7 | 31 | % 20.7 | 3.04 | 1.41 | %60.8 | 8 |
| | 22 | 45 | % 30 | 50 | % 33.3 | 21 | % 14 | 12 | % 8 | 22 | % 14.7 | 3.56 | 1.37 | %71.2 | 2 |
| کۆی گشتی | | 31.2 | %20.8 | 52.5 | %34.98 | 23.9 | %15.93 | 18.5 | %12.33 | 23.9 | %15.92 | 3.32 | 1.32 | %66.41 | |

**سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەرەی دووەم ئەوا**، بڕگەکانی (17، 22، 13، 16، 18) ڕێژەی ڕازیبوونیان بریتییە لە (76.8%، 72.2%، 71.4%، 71.2%، 70.4%، 70%، 69.6%) و گەورەترن لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (1 بۆ 5)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر پێنج بڕگەکە (3.57، 3.56، 3.55، 3.52، 3.50) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.23، 1.37، 1.27، 1.35، 1.32)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێزی**)ی ناوەڕۆکی ئەم بڕگانە کە دەڵێت؛ **(قوتابییان لە شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان ڕازین و بەئاسانی لە وانەکان دەگەن و، وانەکان سوودیان پێدەگەیەنن، کتێب و سەرچاوەی گرنگ بۆ وانەکە دیاری دەکات و، پلان و کۆرس بووکی**

**وانەکان گونجاون و، پرسیاری تاقیکردنەوەکان گشتگیر و بابەتیانە و جۆراوجۆرن).**

بەڵام بڕگەکانی (20، 15، 21) ڕێژەی ڕازیبوونیان (67.3%، 66%، 60.8%)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (6 بۆ 8)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەر سێ بڕگەکە (3.36، 3.30، 3.04) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.20، 1.33، 1.41)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**ناوەندی**)ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە.

هەروەها بڕگەکانی (14، 19) ڕێژەی ڕازیبوونیان (58.8%، 57.2%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (9، 10)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (2.94، 2.86) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.38، 1.42)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**لاوازی**)ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە کە دەڵێت؛ (**لایەنی ماددی قوتابییان لەبەرچاو دەگرێت، باوەڕم وایە دادپەروەری لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا هەیە**).

### 3: پێوانەکردنی بۆچوونی قوتابییانی زانکۆ لەبارەی ڕەزامەندییان لە ستافی ئەکادیمی

**خشتەی (5) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەک نموونە بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو بۆ پرسیارنامەی ڕەزامەندی قوتابیان لە ستافی ئەکادیمی**

| پرسیارنامە | ناوەندی بەدەستهاتوو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەها (ت)ی | | ئاستی ئاماژەداری ئاماری لە 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهێنراو | خشتەیی | |
| ڕەزامەندی قوتابیان | 74.48 | 17.10 | 66 | 6.073 | 1.984 | ئاماژەدارە |
| کۆی نموونە= 150 | | | نمرەی ئازادی= 149 | | | |

لە (خشتەی 5) بۆمان دەردەکەوێت، کە بە گشتی قوتابییان لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە ڕازین، چونکە بە های تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە (إختبار (ت) لعينة واحدة- One Sample T.test)ی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکە (واتە هەر 22 بڕگەکە بەیەکەوە) (6.073) گەرەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.986)، لە ئاستی ئاماژەداری ئاماری (0.05) و نمرەی ئازادی (149). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابییان (**ڕازین لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**).

## 4: جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان

ئامانجی ئەم بابەتە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەکەیە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، بەش، قۆناغ، قوتابی بەشی ناوخۆیی، وانەی پەرینەوە و ڕەزامەندیی هەڵبژاردنی بەش) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (إختبار (ت) لعينتين مستقلتين- Independent Simple T.test) و تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا

(ف) (إختبار التباين الاحادی- One way ANOVA)، لە ئاستی ئاماژەداری (0.050). ئەمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت ((**جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە، سەبارەت بە ڕەزامەندیان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە**)).

**ئەنجامەکانی (خشتەی 6) پیشانی دەدات، کە:**

**ڕەگەز:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (1.83) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.984) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

**شوێنی نیشتەجێبوون:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (2.541) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.056) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت: ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی (شوێنی نیشتەجێبوون) نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

(خشتەی 6)

جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە سەبارەت بە ڕەزامەندی قوتابیان لە ستافی ئەکادیمی

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) و (ف) دەرهێنراو | بەهای (ت) و (ف) خشتەیی | ماناداری | ئاستی ئاماژەدار 0.050 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | نێر | 75 | 71.93 | 18.54 | T= 1.83 | 1.984 | 0.212 | ئاماژەدار نییە |
| | | مێ | 75 | 77.02 | 15.22 | | | | |
| 2 | شوێنی نیشتەجێبوون | گوند و ناحیە | 29 | 70.10 | 20.58 | F= 2.541 | 3.056 | 0.082 | ئاماژەدار نییە |
| | | قەزا | 84 | 73.85 | 16.67 | | | | |
| | | شار | 37 | 79.32 | 14.11 | | | | |
| 3 | بەش | پەروەردەی دەروونزانی | 14 | 84 | 11.32 | F= 1.205 | 2.162 | 0.307 | ئاماژەدار نییە |
| | | پەروەردەی ئایینی | 24 | 73.87 | 17.53 | | | | |
| | | پەروەردەی ئینگلیزی | 21 | 75.04 | 18.94 | | | | |
| | | پەروەردەی کوردی | 22 | 74.04 | 18.28 | | | | |
| | | پەروەردەی عەرەبی | 20 | 75.65 | 17.10 | | | | |
| | | پەروەردەی مێژوو | 23 | 74.39 | 14.68 | | | | |
| | | پەروەردەی جوگرافیا | 26 | 69 | 20.24 | | | | |
| 4 | قۆناغ | قۆناغی دووەم | 81 | 73.02 | 17.53 | F= 0.789 | 3.057 | 0.456 | ئاماژەدار نییە |
| | | قۆناغی سێیەم | 38 | 75.15 | 16.61 | | | | |
| | | قۆناغی چوارەم | 31 | 77.45 | 16.64 | | | | |
| 5 | قوتابی بەشی ناوخۆیی | بەڵێ | 94 | 72.64 | 17.19 | T= 1.710 | 1.984 | 0.527 | ئاماژەدار نییە |
| | | نەخێر | 56 | 77.55 | 16.65 | | | | |
| 6 | وانەی پەرینەوەت هەیە | بەڵێ | 35 | 74 | 13.13 | T= 0.189 | 1.984 | 0.90 | ئاماژەدار نییە |
| | | نەخێر | 115 | 74.62 | 18.18 | | | | |
| 7 | ڕەزامەندی هەڵبژاردنی بەش | بەڵێ | 106 | 75.78 | 16.48 | T= 1.454 | 1.984 | 0.415 | ئاماژەدار نییە |
| | | نەخێر | 44 | 71.34 | 18.32 | | | | |

**بەش:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بەش نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (1.205) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.162) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای

بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی بەش، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

**قۆناغ:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (0.789) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.057) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی بەش، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی قۆناغەکانی (دووم، سێیەم و چوارەم) نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

**قوتابی بەشی ناوخۆیی:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی قوتابی نیشتەجێی بەشە ناوخۆیی نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (1.71) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.984) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی قوتابی بەشە ناوخۆیی، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قوتابی لە بەشە ناوخۆیی نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

**وانەی پەڕیـنەوە (عبـور):** جیـاوازی لـە نێـوان تاکـەکانی نموونـەی توێژینەوەکـە بـەپێی گـۆڕاوی وانەی عبـور نیـیە، چونکـە بـەهای (ت)ی دەرهێنـراو (0.189) بچـووکترە لـە بـەهای (ت)ی خشـتەیی (1.984) لـە ئاسـتی ئامـاژەداری (0.050)، سـەرەڕای بـوونی جیـاوازی بەپێی گۆڕاوی وانەی عبـور، بـەڵام نەگەیشـتوونەتە ئاسـتی ئامـاژەداری ئامـاری، بەمـەش گریمانەی توێژینەوە ڕەتدەکرێتـەوە و گریمانـەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوتابییانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی وانەی عبور نییە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە**)).

**ڕەزامەندیی هەڵبژاردنی بەش:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونـەی توێژینەوەکـە بـەپێی گـۆڕاوی ڕەزامەنـدیی هەڵبژاردنـی بەش نیـیە، چونکـە بـەهای (ت)ی دەرهێنـراو (1.454) بچـووکترە لـە بـەهای (ت)ی خشـتەیی (1.984) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەڕای بوونی جیاوازی بـەپێی گـۆڕاوی ڕەزامەنـدیی هەڵبژاردنـی بەش بـەڵام نەگەیشـتوونەتە ئاسـتی ئامـاژەداری ئامـاری، بەمـەش گریمانـەی توێژینـەوە ڕەتدەکرێتـەوە و گریمانـەی سـفری وەردەگیرێت، کـە دەڵێت ((**هـیچ جیاوازییـەک لـە نێوان قوتابییـانی زانکـۆ بەپێـی گـۆڕاوی ڕەزامەنـدیی هەڵبژاردنـی بەش نییـە، سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە**)).

**چواردەیەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**یەک: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی یەکەم**

لەم ئامانجەدا هەوڵدراوە بۆچوونی قوتابییانی زانکۆ بزانرێت لەبارەی ڕەزامەندییان لە (مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان، وانەکان چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان).

بـه گشـتی قوتابییـان (ڕازیـن لە سـتافی ئەکـادیمیی زانکـۆی کـۆیە)، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەی خوارەوەن:

**1- ڕەزامەندیی قوتابییان لە مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکـان،** ئەوا تاکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوە بەڕێـژەی ڕازیبـوونی (68.65%) ڕازیـن لە مامۆسـتایان و چـۆنیەتی پێشکەشـکردنی وانەکـان. کـارلێکی لەگەڵ قوتابییـان باشـە و هاوکارییـان دەکـات، هانیـان دەدات بـۆ ئەوەی پرسـیار بـکەن و، ڕێـز لە بەهـا باڵاکـان و دابـونەریتی کۆمەڵگـا دەگرێت، ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و لێبووردەیی تیایدا بەدی دەکرێت، هاوکـاری قوتابییـان دەکـات، بابەتییـانە هەڵسـوکەوت دەکـات و، ڕێدەدات قوتابییان ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن و پەیوەندی لەگەڵیاندا ڕاشکاوانە و ڕوونە. بەڵام ڕەخنەیـان لەوە هەیە، کە لە وانەی هەنـدێک لە مامۆسـتایاندا هەسـت بە ئـارامیی دەروونـی نـاکەن و، هەروەهـا هەسـت بەوە دەکەن بەشێک لە مامۆستایان لە هەڵسوکەوتکردندا ڕەچاوی یەکسـانی لە نێوان قوتابییاندا ناکەن.

**2-** ڕەزامەنـدیی قوتابییـان **لە وانەکـان چـۆنیەتیی هەڵسـەنگاندنیان.** تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی ڕازیبوونی (66.41%) ڕازین لە وانەکان چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان. هەروەها پێیانوایە، کە مامۆستایان بە باشـی وانەکـان دەڵێنەوە و کتێب و سـەرچاوەی گرنـگ بـۆ وانەکە دیـاری دەکـات، هەروەهـا پـلان و کۆرسـبووکێکی گونجاویـان دانـاوە، هەروەهـا پرسیارەکانی تاقیکردنەوە گشتگیر و بابەتییانە و و جۆراوجۆرن و، سوود لە وانەکانیـان دەبینن. بەڵام ڕەخنەیـان لەوە هەیە، کە مامۆسـتایان لەکـاتی داواکاری کۆرسەکە لایەنی مـاددی قوتابییـان لەبەرچـاو ناگرێت، هەروەهـا دڵنیانین لەوەی، کە دادپەروەری لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا هەبێت.

**دوو: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی دووەم**

لە ئامانجی دووەمدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە دەڵێت (ئایا جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە؟ سەبارەت بە ڕەزامەندیی قوتابییان لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆی کۆیە). ئەوا دەرکەوتووە، هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە نییە.

## گفتووگۆی ئەنجامەکان

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بە گشتی قوتابییان لە ئاستێکی باش ڕەزامەندن لە مامۆستایان و کارلێکیان لەگەڵیاندا باشە و هاوکارییان دەکەن، هەروەها ڕەزامەندن لە وانەکان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنیان، هەروەها پێیانوایە، کە مامۆستایان بە باشی وانەکان دەڵێنەوە و کتێب و سەرچاوەی گرنگ بۆ وانەکە دیاری دەکات، هەروەها پلان و کۆرسبووکێکی گونجاویان داناوە، قوتابییان سوود لە وانەکانیان دەبینن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (الاسمر، 2005) و (حسن و ابراهیم و الظفري، 2011)، کە لە ئاستێکی ناوەنددا قوتابییان لە کارامەیی ئەکادیمیی مامۆستایانیان ڕازین. بەڵام ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (عزیز، 2012)، کە ئەنجامەکانی دەرکەوتووە لاوازییەکی ڕوون لە ئەداکردنی مامۆستایان هەیە لە (زانکۆی دیالە).

لەبەرئەوەی قوتابی لە واقیعی ئێستای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کەمترین ئامانجێک کە هەیبێت، ئەوەیە کە دەربچێت لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی و بەدەستهێنانی بڕوانامە، دیارە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ ستافی ئەکادیمی و خوێندن و وانەکان، ئەمەش بەڕوونی لە تیۆری بەهاکان و

ئامانجەکان و ماندانان دەردەکەوێت. هەروەها کاتێک قوتابی ئاشنایەتی بۆ پەیدابوو لەگەڵ زانکۆ و ڕێنماییەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە قوتابی زانکۆ تیایدا دەژیێت، وردە وردە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ بەش و ستافی ئەکادیمی و وانەکان، گەرچی هەندێکجار ڕەزامەندیش نەبێت، ئەمەش بەپێی تیۆری گونجانیش بێت ئەوا بەتایبەتی قوتابی زانکۆ دوای ئەوەی ساڵی یەکەمی بەسەرکەوتوویی بەڕێ کرد، هەست بە ڕەزامەندی دەکات.

سەبارەت بە تیۆری هەڵوێستەکان، ئەوا: لەبەرئەوەی قوتابی زانکۆ لەڕووی تەمەنەوە تاڕاددەیەک پێگەیشتووە، هەروەها لەنێو زانکۆدا کەمترین کێشە دەبینرێت لە نێوان قوتابییان و ستافی ئەکادیمی، کە هەندێکجار لە ساڵێکی خوێندندا کێشەیەک یان دووان لە نێوان مامۆستایان و قوتابییان هەستی پێدەکرێت، ئەمەش وا دەکات قوتابی توشی هەڵوێستی نەخوازراو نەبێتەوە و هەست بە سەرکەوتن بکات، بەتایبەتی ئەگەر لەناو پۆلدا هەستی بە ئارامیی دەروونی کرد، یان ئەزموونی لەگەڵ مامۆستایان و تاقیکردنەوەکان ئەزموونێکی باش بوو، ئەوا قوتابی ڕەزامەند دەبێت لە ستافی ئەکادیمیی زانکۆکەی. هەروەها سەبارەت بە تیۆری بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی لە واقیعی ئێستای زانکۆکان کەمترین دەرنەچوون دەبینرێت، قوتابی هەر کەمێک بخوێنێت دەردەچێت، بە هۆکاری ئەو جۆرە مۆدێلەی خوێندن کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکریت، ئەمەش وا دەکات کاتێک بەراوردی خۆی دەکات لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە، دەبینێت کە سەرکەوتووە و کارەکانی باش بەڕێوەدەچن بە بەراورد لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە، هەست بە لێهاتوویی و بەها و ڕێزگرتن لە خود دەکات و لە ژیاندا هەست بە کامەرانی و ڕەزامەندی دەکات، لە خۆیی و ستافی ئەکادیمی بەشەکەی ڕازی دەبێت. لە کۆتاییدا سوپەر لە تیۆرەکەیدا

ئامـاژەی بەوەدا هەرکـات تـاک تـوانی گونجـان دروسـتبکات لە نێـوان ئەو ڕۆڵانەی کە جێبەجێیـدەکات، ئەوا زیـاتر هەسـت بە ڕەزامەنـدی دەکـات. قوتابییانی زانکۆش لە هەمانکاتدا هاوڕێیە، ئەندامی خێزانێکە، قوتابییە، یان ئەندامی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە...تاد، بە گونجانی لە نێوان ئەو ڕۆڵانەدا زیـاتر هەسـت بە ڕەزامەنـدی دەکـات، وەک لە ئەنجامەکـانی ئەم توێژینەوەیەش دەرکەوتووە قوتابییان بە گشتی ڕەزامەندن لە مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان و هەڵسەنگاندنیان.

هەروەهـا سـەبارەت بە نـاڕەزایی قوتابییـان لەو بڕگـانەی کە دەڵێـت "مامۆسـتایان لە کـاتی داواکـاری کۆرسـەکە لایەنـی مـاددی قوتابییـان لەبەرچاو ناگرێت" ئەوا بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە لەو چەند ساڵەی ڕابـردوودا بەتـایبەتی سـالانی (2015 تـا 2018) هەرێمـی کوردسـتان بە دۆخێکـی نـاهەموار و قورسـی ئـابووری تێـپەڕی، کە کـاریگەریی زۆری لەسـەر ڕەوشـی خوێنـدن و پەروەردە دانـا، هەروەهـا ئەمە وایکـرد قوتابییـانیش بە کەمتـرین داواکـاری لەلایەن مامۆسـتایانەوە توشـی بـار قورسـی بێـنەوە. هەروەهـا سـەبارەت بەو بـڕگەیەی کە دەڵێـت " لە هەڵسـوکەوتکردندا ڕەچـاوی یەکسـانی لە نێـوان قوتابییانـدا نـاکەن" لەبەر ئەوەی مامۆستا هەندێکجار لایەنی زیرەکی یان لایەنی ڕەگەزی بەرانبەر یـان شـارچێتی و لایەنگیـری بـۆ بیرۆکەیەکـی دیـاریکراو و ڕەنگدانەوەی لەناو پۆلدا، وا دەکات قوتابییان هەستی پێ بکەن و، وای لێکبدەنەوە کە مامۆستایان لە هەڵسوکەوتکردندا ڕەچاوی یەکسانی لەنێوان قوتابییانـدا نـاکەن. هەروەهـا لەبەرئەوەی قوتـابی وەک پێویسـت بە ئەرکـی خـۆی هەڵناستێت یان بەشێک لە مامۆستایان شێوازی ناپەروەردەیی و ئیتیکی بەکاردەهێنن ئەمە وا دەکات بەردەوام قوتابی هەست بە دڵەڕاوکێ بکات و ئارامیی دەروونی خۆی لەدەستبدات.

له کۆتاییدا سەبارەت بە ئایا بۆچی قوتابییان دڵنیانین، دادپەروەری هەبێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پرسیار و چۆنیەتی هەڵەچنی کردنی وەڵامەکان. کە بەشیکی زۆری مامۆستایان بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە ڕەچاوی یاسا و ڕێنماییەکان و وەڵامی نموونەیی ناکەن، بۆیە قوتابی نازانێت نمرەی بەچی وەرگرتووە و نمرەی لەچی لێشکاوە، یان بەشێک لە مامۆستایان بابەت و بیرکردنەوەی خۆیان تێکەڵ بە تاقیکردنەوەکان دەکەن، کە ئەمانە هیچیان پەیوەندییان بە هەڵەچنی پرسیارەکان و دانانی پرسیارەکان نییە، ئەم هۆکارانەش وا دەکات قوتابی دڵنیان نەبن لە دادپەروەریی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.

**پازدەیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

1- بەرچاوڕوونی زیاتر بە قوتابییان بدرێت سەبارەت بە دادپەروەری لە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە، بۆ ئەمەش پێویستە سەرۆکایەتی بەش و لیژنەکانی تاقیکردنەوە داوا لە مامۆستایان بکەن وەڵامی نموونەیی دابنێن، هەرکاتێک قوتابییەک دڵنیانەبوو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی، ئەوا لەلایەن لێژنەیەکەوە وەڵامی قوتابییەکە بە وەڵامی نموونەیی بەراورد بکرێتەوە.

2- گرنگی بدرێت بە پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینار بۆ مامۆستایان سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەتکردن لەگەڵ قوتابییان، چۆنیەتی ڕەچاوکردنی بارودۆخی دەروونیی قوتابییان و کێشەکانیان، ئەمەش لەلایەن لیژنەیەکی سەر بە زانکۆ بەڕێوە ببرێت و کەسانی شیاو دەستنیشان بکەن بۆ ئەو بابەتە، بەتایبەتی لە پسپۆڕانی بواری دەروونزانی و کۆمەڵناسی.

**شازدەیەم: پێشنیازەکانی توێژینەوە**

1- لەبەرئەوەی ئەم تــوێژینەوەیە تەنهــا ڕەزامەنــدیی قوتابییــانی فاکەڵتیی پەروەردەی وەرگرتووە، ئەوا توێژینەوەی دیکە بکرێت لەسەر قوتابییانی فاکەڵتی و بەشەکانی دیکە و بۆچوونیان لەبارەی ڕەزامەندییان لە ستافی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە وەربگیرێت.

2- توێژینەوەی دیکەی هاوشێوە لەسەر زانکۆ حکومییەکانی دیکەی هەرێم ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی ئاستی ڕەزامەندیی قوتابییان بزانرێت سەبارەت بە ستافی ئەکادیمیی ئەو زانکۆیەی کە تیایدا دەخوێنن، بەراورد بکرێت بەم توێژینەوەیە، تا خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان بخرێنەڕوو.

## ليستی سەرچاوەكان


- الاسمر، منى حسن (2005). كفايات أداء عضوات هيئة التدريس بجامعة أم القرى من وجهة نظر الطالبات، مجلة العلوم التربوية، جامعة قطر، عدد 7.

- بهية، م.م. طاهر حميد عباس (2017). اثر الجودة التعليمية على رضا الطلبة في معاهد التعليم التقني"دراسة تطبيقية في المعهد التقني/ السماوة"، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة واسط، العدد 26.

- بوعشة، محمد (2000). ازمة التعليم العالي في الجزائر والعالم العربي. بيروت: دار الجبل.

- جبر، د. عدنان مارد و منشد، م. حسام محمد (2015). الرضا عن الحياة وعلاقته بالأمل لدى طلبة الجامعة، مجلة الاستاذ، كلية التربية، جامعة بغداد، المجلد الثاني، عدد 214.

- حسن، د. عبدالحمد سعيد و ابراهيم، د. محمد عبدالله و الظفري، د. سعيد (2011). الرضا عن الخبرات الأكاديمية لدى خريجي قسم الأصول والإدارة التربوية في كلية التربية في جامعة السلطان قابوس، مجلة جامعة دمشق، المجلد 27، العدد 4.

- الحسنية، سليم (2009). مدى رضا طلبة كلية الاقتصاد في جامعة حلب عن مستوى الاداء الاداري والاكاديمي لكليتهم، مجلة جامعة دمشق، المجلد 25، العدد 2.

- ابو حميدان، يوسف عبدالوهاب و سواقد، ساري(2008). الصفات الواجب توافرها في عضو هيئة التدريس كما يراها طلبة جامعة مؤته، مجلة جامعة دمشق، المجلد 24، العدد الاول.

- الحوراني، غالب صالح و طناش، سلام يوسف (2007). الاخلاقيات الاكاديمية للاستاذ الجامعي من وجهة نظر اعضاء هيئة التدريس في الجامعة الاردنية، مجلة كلية العلوم التربوية، بدون مكان النشر، مجلد 34، عدد 2.

- دخيلي، ابتسام (2017). مستوى الرضا عن الحياة لدى الطالب الجامعي المتفوق دراسيا "دراسة عيادية لستة حالات بجامعة محمد خيضر- بسكرة"، جامعة محمد خيضر، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية قسم العلوم الاجتماعية، شعبة علم النفس، رساله ماجستير غير منشورة.

- الزبيدي، د. صباح حسن عبد(2007). دور الجامعة في بناء و تطوير الاستاذ الجامعي في ضوء تكنولوجيا المعلوماتية، (المؤتمر العالمي للتعليم العالي في العراق)، اقليم كوردستان العراق، اربيل.

- الزعبي، د. احمد محمد (2013). الرضا الاختصاص الدراسي عند طلاب جامعة ام قرى وعلاقته بتوافقهم النفسي والاجتماعي وتحصيلهم الدراسي، مجلة اتحاد الجامعات العربية للتربية وعلم النفس، المجلد 11، العدد 3.

- سفر، د. منال (2017). مستوى الاداء لبرنامج التربية العلمية وعلاقته بالرضا الطلابي من وجه نظر طالبات التربية العلمية بكلية التربية بجامعة ام قرى، مجلة جامعة القدس المفتوحه للابحاث والدراسات التربوية والنفسية، المجلد 5، العدد 17.

- سيف، د. ناصر ابراهيم و السرطاوي، د. خالد سفيان و الاقرع، د. سارة شاكر (2014). مستوى جودة الخدمات الطلابية ورضا الطلبة عنها في الجامعات الاردنية الحكومية، مجلة العربية لضمان جودة التعليم الجامعي، اليمن، المجلد 7، العدد 15.

- شفيق، محمد (2008). البحث العلمي (الأسس- الأعداد). الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

- شلدان، د. فايز كمال (2017). مستوى الرضا الأكاديمي لدي طلبة كلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة وسبل تحسينه، مجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجموعة الدولية للاستشارات والتدريب. الجمعية الأردنية لعلم النفس، عمان، المجلد 6، العدد 6.

- شيا، د. محمد (2008). مناهج التفكير وقواعد البحث فى العلوم الانسانية والاجتماعية، ط٢. بيروت: مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

- صالح، هەردی زیاد و جبار، شهلاء ولی و صالح، میران محمد (2017). ئیتیکی ئەکادیمی لای مامۆستای زانکۆ "توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان"، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی 21، ژمارە 3.

- الصيرفى، محمد عبدالفتاح حافظ (2008). البحث العلمي دليل التطبيقي للباحثين. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

- عزيز، حاتم جاسم(2012). تقويم أداء هيأة التدريس في الجامعة من وجهة نظر الطلبة (دراسة ميدانية في جامعة ديالى)، مجلة الفتح، كلية التربية الاساسية، جامعة ديالى، المجلد 8،، عدد 50.

- العسكري، عبود عبدالله (2007). منهجية البحث العلمي في علوم الإنسانية، ط٢. دمشق: دار النمير.

- عطية، د. محسين علي (2009). البحث العلمي في التربية. عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع.

- عقيل، أ. د. عقيل حسين (2009). فلسفة مناهج البحث العلمي. القاهرة: مكتبة مدبولي.

- عمارة، بادة (2016). اثر ضغوط العمل على الرضا الوظيفي للموارد البشرية "دراسة حالة: المجلس الشعبي البلدي لباب العسة"، جامعة ابو بكر بلقايد- تلمسان، كلية العلوم الاقتصادية، التجارية وعلوم التيسيير، رساله ماجستير غير منشورة.

- الغانمي، د. باسم فارس جاسم و الامارة، د. اسعد شريف مجدي (2014). الرضا عن حياة المهجر لدى الشباب العراقي في السويد، مجلة أبحاث البصرة(العلوم الانسانية)، كلية التربية، جامعة البصرة، المجلد 39، العدد 2.

- القصاص، د. مهدي محمد (2014). الاحصاء والقياس الاجتماعي. العراق: دار نيبور للطباعة والنشر والتوزيع.

- ماڵپەڕی زانکۆی کۆیە، کورتەیەک لەبارەی زانکۆی کۆی، 2019/ 03/ 21

- http://koyauniversity.org/ku/node/82

- مـــاڵپەڕی وەزارەتـــی خوێنـــدنی بـــاڵا و تـــوێژینەوەی زانســـتی، بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین، 25/ 04 / 2019

- https://www.mhe-krg.org/index.php/ku/node/3367

- مغلي، سمير ابو و سلامة، عبدالحافض(2002) القياس والتشخيص في التربية الخاصة. عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

- منسي، محمود عبدالحليم و الشريف، خالد حسن (2014). التحليل الاحصائي للبيانات باستخدام برامج spss. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

- ميسة، فاطمة و ميسة، فضيلة (2014). الرضا عن التخصص الدراسي وعلاقته بمستوى الطموح لدى الطالب الجامعي "دراسة ميدانية ببعض كليات جامعة الوادي"، جامعة الوادي، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الاجتماعية، رساله ماجستير غير منشورة.

- نسيمة، بن مبارك (2014). الرضا عن التخصص الدراسي وعلاقته بالدافعية للانجاز ومستوى الطموح لدى الطلبة الجامعين "دراسة مقارنة بين طلبة النظامين الكلاسيك و ل.م.د."، جامعة الحاج لخضر- باتنة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية والعلوم الاسلامية، قسم علم النفس، رساله ماجستير غير منشورة.

## پاشکۆی (1): پرسیارنامە

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

ژمارەی فۆرم ..........

زانکۆی کۆیە

شوێن ..........

فاکەڵتی پەروەردە

ڕێکەوت **..........**

**..............................................................................................**

قوتابیی بەڕێز.........

ئـەم فۆرمـەی لەبەردەسـتی بەڕێزتاندایـە ئامـادەکراوە بەمەبەسـتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی (بۆچوونی قوتابییان لەبارەی ستافی ئەکـادیمی زانکـۆی کـۆیە، توێژینەوەیـەکی مەیدانییـە لەسـەر قوتابییـانی فـاکەڵتی پەروەردە)، لـەم بارەیـەوە ڕای بـەڕێزتان بایـەخی تایبـەتی خـۆی هەیە.

### هاوکاریتان جێگای ڕێز و پێزانینە

<u>تێبینی:</u>

ئـەو زانیاریانـەی لـە فۆڕمەکـەدا هەیە، تـەنها بەمەبەسـتی زانسـتی بەکاردەهێندرێت.

پێویست بەناو نوسین ناکات.

نیشانەی ( ✔ ) لەناو ئەو خانەیە دابنێ کە پێت گونجاوە.

**..............................................................................................**

**.......................................................................................**

یەکەم: زانیارییە گشتییەکان

١- ڕەگەز: نێر □ مێ □

٢- شوێنی نیشتەجێبوون: ................................

٣- بەش: ................................

٤- قۆناغ: دوو □ سێ □ چوار □

٥- قوتابیی بەشی ناوخۆیی: بەڵێ □ نەخێر □

٦- ئایا هیچساڵێکی خوێندن وانەی پەڕینەوە (عبورت) هەبووە؟ بەڵێ □ نەخێر □

٧- ئایا بە ڕەزامەندیی خۆت ئەو بەشەی لێی قوتابیی هەڵتبژاردووە؟ بەڵێ □ نەخێر □

## دووەم: زانیارییە تایبەتییەکان

| ر | پرسیارەکان | زور لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بۆچوونێکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بواری یەکەم: ڕەزامەندی لە مامۆستایان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان | | | | | |
| 1 | پەیوەندی لەگەڵ قوتابییان ڕاشکاوانە و ڕوونە (الصراحة والوضوح) | | | | | |
| 2 | لە هەڵسوکەوتکردندا ڕەچاوی یەکسانی لە نێوان قوتابییان دەکات | | | | | |
| 3 | کارلێکی لەگەڵ قوتابییان باشە و ناوی زۆربەیان دەزانێت | | | | | |
| 4 | هانی قوتابییان دەدات بۆ ئەوەی پرسیار بکەن و دەستخۆشیشیان لێ دەکات | | | | | |
| 5 | بیرکردنەوە و تێڕامان لەلای قوتابییان گەشە پێدەدات | | | | | |
| 6 | ڕێز لە ڕاوبۆچوونەکانم دەگرێت، ئەگەرچی هەندێکجار پێچەوانەی بۆچوونەکانیشی بێت | | | | | |
| 7 | قوتابی هەست بە ئارامی دەروونی دەکات لە وانەکەیدا | | | | | |
| 8 | دەرفەتی گونجاوم پێدەدات، تاکو بە ئازادانە بیروبۆچونەکانم دەربېڕم | | | | | |
| 9 | بابەتیانە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابییان دەکات، لە لایەنگیری دوور دەکەوێتەوە | | | | | |
| 10 | ئێتییکە (اخلاق) جوانەکانی وەکو "راستگۆیی، ئەمانەتپارێزی و لێبووردەیی" تێدا بەدی دەکرێت | | | | | |
| 11 | ڕێز لە بەها بالاکان و سستەم و دابوونەریتەکانی کۆمەڵگا دەگرێت | | | | | |
| 12 | هەرکات کارێکم لەلای مامۆستایان دەبێت، بە ئاسانی و بەزووی هاوکاریم دەکەن | | | | | |

| بواری دووەم: ڕەزامەندی لە وانەکان و هەڵسەنگاندنیان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | کتێب و سەرچاوەی گونجاو بۆ وانەکە دیاری دەکات | | | | | |
| 14 | لایەنی ماددی قوتابییان لەبەرچاو دەگرێت، لەکاتی دەستنیشانکردنی داواکارییەکانی کۆرسەکە | | | | | |
| 15 | ئامرازی فێرکاری گونجاو بەکاردەهێنێت، لە هۆڵەکانی وانەوتنەوە | | | | | |
| 16 | پلان و بەرنامە و کۆرس بووکی وانەکانم گونجاوون | | | | | |
| 17 | شێوازی وانەووتنەوەی مامۆستایان ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئاسان تێبگەین لە وانە و بابەتەکان | | | | | |
| 18 | پرسیاری تاقیکردنەوەکانی گشتگیر و بابەتیانە و جۆراوجۆرن | | | | | |
| 19 | باوەڕموایە دادپەروەری لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا هەیە | | | | | |
| 20 | وانە زانستییەکە بەشێوەی باش و ڕێکخراو دەخاتەڕوو | | | | | |
| 21 | زانیاری تەواوم هەیە، لەبارەی چۆنیەتیی دانانی نمرەی ڕۆژانە و لێی ڕازیم | | | | | |
| 22 | بڕواموایە ئەو وانانەی دەیخوێنم، سوودم پێ دەگەیەنن | | | | | |

## پاشکۆی (2): تاقیکردنەوەی جێگیریی پێوەری بەڕێگەی ئەلفا کرونباخ

بۆ هەر (68) بڕگەی پرسیارنامەی توێژینەوەکە

| Cronbach's Alpha | N of Items |
|---|---|
| 0.915 | 22 |

پاشکۆی (3): ڕاستیتی گونجانی ناوەڕۆک (صدق الاتساق الداخلي) بە ڕێگەی "هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن" (Pearson Correlation Coefficient) بۆ برگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە ڕووندەکاتەوە

| تەوەری یەکەم | | | تەوەری دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Pearson Correlation | .685(**) | 13 | Pearson Correlation | .596(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 2 | Pearson Correlation | .535(**) | 14 | Pearson Correlation | .465(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 3 | Pearson Correlation | .567(**) | 15 | Pearson Correlation | .546(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 4 | Pearson Correlation | .636(**) | 16 | Pearson Correlation | .624(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 5 | Pearson Correlation | .618(**) | 17 | Pearson Correlation | .659(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 6 | Pearson Correlation | .668(**) | 18 | Pearson Correlation | .571(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 7 | Pearson Correlation | .580(**) | 19 | Pearson Correlation | .620(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 8 | Pearson Correlation | .677(**) | 20 | Pearson Correlation | .662(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 9 | Pearson Correlation | .606(**) | 21 | Pearson Correlation | .586(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 10 | Pearson Correlation | .669(**) | 22 | Pearson Correlation | .632(**) |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| 11 | Pearson Correlation | .509(**) | | لە ئەنجامدا دەرکەوتووە گشت برگەکانی پرسیارنامەکە بە بەراوردکردن بە نمرەی گشتی پرسیارنامەکە لە ئاستێکی بەرزدا بوون بە ئاماژەداری (0.01) | |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | | |
| 12 | Pearson Correlation | .496(**) | | | |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | | |
| **. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | | *. Correlation is significant at the 0.05 level (2-tailed). | | |

**ملخص**

الهدف من هذه الدراسة هو تسليط الضوء على مدى رضا طلبة جامعة كويه عن "الاساتذة و كيفية تقديم المحاضرات وعن كيفية تقويمهم". من المناهج المستخدمة في هذا البحث هي (المسح الاجتماعي). يتضمن مجتمع الدراسة، طلاب الدراسة الصباحية للمراحل الدراسية (الثانية، والثالثة، والرابعة) في فاكلتي التربية، وفيما يخص نوع و حجم العينة (العينة العنقودية) بحجم (150) طالبا وهذا العدد يساوي (15 %) من مجتمع الدراسة. واستخدمت طريقة "صدق الاتساق الداخلي" و ثبات الاستبيان يساوي (0.915). فظهرت في نتائج البحث بصورة عامة ان الطلبة في الجامعة كويه راضون عنها، و ايضا لاتوجد اي فروق ذات دلالة احصائية بين افراد العينة بحسب كل المتغيرات بخصوص رضاهم عن الاساتذة جامعة كويه.

**Abstract**

The objective of this study is to highlight the satisfaction of Koya University students with "teachers, how to give lectures and how to evaluate them". One of the approaches used in this research is the Social Survey. The study population consisted students of the morning study (2, 3, and 4) in the faculties of education. The sample size and sample (cluster sample) is 150 students and this number equals 15% of the study population. The method of "consistency of internal consistency" was used and the consistency of the questionnaire is (0.915). In general, the results of the research showed that the students were satisfied with the results. There were also no statistically significant differences among the sample according to all variables for their satisfaction with the teachers of the University of Koya.